شانۆنامە ی

# ڕۆبنسن و کروزۆ


نووسەر

## نینا دینترۆنا

وەرگێری فارسی:

عەلیرەزا کووشک جەلالی

وەرگێرانی لە فارسییەوە:

ڕەحمان عەزیزی


**پێشەکی:**

نمایشێکی پڕ لە نوکتە بۆ منداڵان و گەنجان و گەورەکان

دوورگەیەک، دوو سەرباز، دوو دوژمن دژی یەکتر. ململانێ دەست پێدەکات. کێ بچێت و کێ بمێنێتەوە؟ شەڕی خاوەندارێتی ئەم پارچە زەوییە بە چیرۆکی کۆمیدی سەیر و پێکدادانی توندوتیژ وێنا دەکرێت. توندوتیژی و ململانێی دەسەڵات و ترس لە مرۆڤە بێگانەکان ڕوویەکی گرۆتێسک نیشان دەدەن. هێواش هێواش ئەم دووانە درک بە خاڵە هاوبەشەکانیان دەکەن، پێکەوە یاری دەکەن، یادەوەرییە ڕۆمانسیەکانی ماڵ و خێزانیان بۆ یەکتر دەگێڕنەوە و دواجاریش بەو هەموو جیاوازییە جەستەیی و ڕۆحییەوە دوژمنەکەیان وەک مرۆڤێک قبوڵ دەکەن.

**کەسایەتی، کارەکتەرەکان**

**پیاوی یەکەم**

**پیاوی دووەم**

## ڕۆژی یەکەم

**لە ناوەڕاستی دیمەنەکەدا سەقفی خانوویەک دەبینرێت کە بە دەریا دەورە دراوە. وا دیارە بەهۆی ڕووداوێکەوە ئاوی دەریاکە بەرز بووەتەوە و بەشێکی زۆری ماڵەکەی گرتووەتەوە، بنمیچ ی ماڵەکە بووەتە دوورگە.**

**لە تەنیشت بنمیچ ەوە، لقێکی دارێکە کە لە ئاوەکەوە دەرچووە، ئاسمانی شین لە پاشخانەکەدا دەبینرێت.**

**تاریکی و بێدەنگی زاڵن بەسەر دیمەنەکەدا.**

**پاشان دەنگی تەقینەوەیەک دەبیسترێت.**

**لە دوورەوە دەنگی مۆسیقا دەبیسترێت، کە هەر جارێک دەنگی بەرزتر دەبێت و دیمەنەکە ڕووناک دەبێتەوە.**

**کابرایەک کە لەسەر چەناگەیەکی گەورە دانیشتووە، خۆی بە پەل وباسک دەڕوات تا سەقف،**

**پیاوەکە جلوبەرگی سەربازی لەبەردایە و پێدەچێت تاکە شتێک کە ڕزگاری کردبێت ڕادیۆیە.کە لەگەڵ خۆی هێناوێتی.**

**پیاوەکە سەردەکەوێت بۆ سەربانەکە و بەرگەگرتنی خۆی تاقیدەکاتەوە و کاتێک دڵنیا دەبێتەوە کە زەوی لە ژێر پێیەکانیدا پتەوە، کەمێک ئارام دەبێتەوە. پاشان سەیری دەریا دەکات و دەست دەکات بە هاوارکردن، وەک ئەوەی بیەوێت دڵنیابێت لەوەی کەسێک لە دەوروبەری بێت،**

**بێدەنگی،**

**هیچ وەڵامێک نییە.**

**بێدەنگی.**

ماندوو و بێدەسەڵات دەردەکەوێت. بە پەرۆش وە سەیری سەقف و شتەکانی دەوروبەری دەکات، وەک ئەوەی پاشماوەی کارەساتێک بن: ئەنتێنەی تەلەفزیۆن، سەتڵێک، جووتێک دەستکێشی کارکردن.

پاشان کونێک لە سەقفەکەدا دەدۆزێتەوە و پارچەیەک لە ئەنتێنەی تەلەفزیۆنەکە دەشکێنێت و وەک چەکدارێک لە کونی سەقفەوە باز دەداتە خوارەوە. دەنگێکی هێسکە لە ڕادیۆوە دەبیسترێت.

بێدەنگی.

دوای ماوەیەک لە پشت سەقفەکەوە پیاوی دووەم دەخزێتە ژوورەوە. ئەویش جلوبەرگی سوپای لەبەردایە، بەڵام دیارە سەر بە بەرەی بەرامبەری پیاوی یەکەمە. دەسریی بە سەریەوە بەستووە. ڕووخساری ئاسیاییە.

پیاوی دووەم دەچێتە لای ڕادیۆکە و بە سەرسوڕمانەوە سەیری دەکات. بە دەوری خۆیدا دەگەڕێت تا خاوەنی ڕادیۆکە بدۆزێتەوە. کەس نادۆزێتەوە وەک پیاوی یەکەم سەیری دەریا دەکات.

بۆ ئەوەی چەکدار بێت، وەک پیاوی یەکەم، پارچەیەک لە ئەنتێنەکە دەشکێنێت و بە دەستیەوە دەیگرێت.

دوای چەککردن، بۆگەڕان دەچنە پشت سەقفەکەوە.

بێدەنگی،

پیاوی یەکەم لە کونی سەربانەوە دێتە ژوورەوە و گەسەک و چەقۆ و فانووسێکی بەدەستەوەیە. لەسەر سەربان دادەنیشێت. ئەم شتانە دەخاتە لایەک و ڕادیۆکە دەکوژێنێتەوە.

لەناکاو سەری پیاوی دووەم لە پشت سەقفەوە دەردەکەوێت و یەکسەر خۆی دەشارێتەوە.

پیاوی دووەم جارێکی تر لە پشت سەقفەوە دەردەکەوێت.

؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟***********************************

باڵادەستی پیاوی یەکەم وردە وردە دەبینرێت، سەرەتا دەستی پیاوی دووەم دەبەستێتەوە و دواتر خۆشی بە دووکەڵ کێشەکەوە.

بێدەنگی.

ئەم شەڕە هەردوو پیاوەکە هەناسەبڕکێ و ماندوو دەهێڵێتەوە.

دوای ماوەیەک پیاوی یەکەم هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەمژێت و دەست دەکات بە چاککردنەوەی چەناگەکی یان بە واتایەکی تر کەشتییەکەی؛ ئاوی چەناگەکی بەتاڵ دەکاتەوە و بە چەکوش خەمۆکییەکانی چەناگەکی تەخت دەکات. لەکاتی کارکردنی بە تەواوی، ئاگاداری پیاوی دووەم دەبێت.

دوای ماوەیەک دەچێتە لای پیاوی دووەم و گیرفانەکانی دەگەڕێت. پاکەتێک بسکیت دەدۆزێتەوە و دەیبات و دەیخاتە گیرفانی خۆیەوە. ئیتر هیچ نادۆزێتەوە. دادەنیشێت و دەست دەکات بە خواردنی بسکیت. وردە بسکیتەکان دەکەوێتە سەر سەقف. بەپەلە دەست دەکات بە پاککردنەوەی سەقفەکە.

پیاوی دووەم وا خۆی نیشان دەدات کە چاوەکانی قۆچاندووە، بەڵام لە ڕاستیدا بە سەرسوڕمان و سەرنجەوە سەیری پیاوی یەکەم دەکات

پیاوی دووەم بۆ ئەوەی پیاوی یەکەم سەرلێشێواو بکات، لەناکاو ئاماژە بەوردە بسکیت دەکات کە لە ڕاستیدا بە هیچ شێوەیەک لەوێ نین. پیاوی یەکەم بە دوای وردە بسکیتەکەدا دەگەڕێت، نایدۆزێتەوە، دەمارگیر دەبێت، سەیری پیاوی دووەم دەکات و پێدەکەنێت.

بێدەنگی.

شەو

پیاوی یەکەم فانۆسەکە و ڕادیۆکە داگیرسێنێت.

دوای ئەوە دەفتەرێک کە لە یاداشتنامەکەی دەچێت، لە گیرفانی یەکپۆشیەوە دەردەهێنێت و دەست دەکات بە نووسین. یەکەم ڕستە کە لە دەفتەرەکەیدا دەینووسێت، بە دەنگی بەرز دەیڵێت.

پیاوی یەکەم: ئەمڕۆ ٣٠ی سپتامبر...

دەنگی مۆسیقا وا دەکات قسەکانی داهاتووی نەبیسترێت.

دیمەنەکە خەریکە تاریک دەبێت.

پیاوی یەکەم واز لە نووسین دەهێنێت و دەفتەرەکە دەخاتە گیرفانی.

پیاوی یەکەم دەچێتە لای پیاوی دووەم و چاودێری دەکات

پیاوی دووەم ناجوڵێت، کاردانەوەی نییە.

پیاوی یەکەم هێشتا چاوی لێیە.

پیاوی یەکەم پاڵ دەکەوێت و دەخەوێت.

دیمەنەکە بە تەواوی تاریک دەبێت.

مۆسیقاکە هێواش هێواش دەوستێت.

لە هەمان کاتدا کە مۆسیقاکە دادەبەزێت، دەنگی شەڕ دەبیسترێت: هاوار، پێکدادان و هتد، شەڕی نێوان ئەم دوو پیاوە لە خەویش دا بەردەوامە.

لەناکاو بێدەنگی دروست دەبێت.

رۆژی دووەم

بەیانی زوو

ئێستا پیاوی یەکەم بە بە دووکەڵ کێشەکەوە بەستراوەتەوە.

پیاوی دووەم لەسەربان دانیشتووە و سەیری خۆرهەڵاتن دەکات.

ڕادیۆکە داگیرساوە.

کاتێک خۆر بە تەواوی دیار بوو، پیاوی دووەم هەڵدەستێت. ڕادیۆکە دەکوژێنێتەوەبێ ئەوەی سەیری پیاوی یەکەم بکات بسکیتەکان لە گیرفانی یەکەم دەردێنێت ؛ پیاوی دووەم پاڵ بەدووکەڵ کێشەکەوە دەدات.

لەناکاو چاوەی بە کونی سەقفەکە دەکەوێت. دەچێتە ناو کونەکەوە.

بێدەنگی.

سەری پیاوی دووەم لە کونەکە دێتە دەرەوە، چەند پارچە دارێک و بەتانییەک دەردەهێنێت و لە کونەکەوە دێتە ژوورەوە..

پیاوی یەکەم بە دانیشتن وەبردەوام چاودێری جوڵەکانی پیاوی دووەم دەکات . وا دەردەخات کە بۆی گرنگ نییە وە بێگومان وەک ئەوەی بە تەواوی بێباکانە مامەڵە دەکات.

پیاوی دووەم هەوڵ دەدات بەلەمێک بە پارچە دار دروست بکات، نە بزمار و نە کەرەستەی هەیە، تورە دەبێت. بە تووڕەییەوە باز دەداتە سەرەوە و خوارەوە و بە پێڵاوەکەی لە سەقفەکە دەدات. ئەم لێدانە سەقفە بۆی دەبێتە کێشە.

دادەنیشێت، پێڵاوی پێی چەپی دادەکەنێت و درک بە هۆکاری نارەحەتییەکەی دەکات. کونێکی گەورە لە گۆرەوییەکەیدا دەبینرێت. گۆرەویەکانی دادەکەنێت.

پیاوی یەکەم کە شایەتحاڵی ڕووداوەکە بووە، پێدەکەنێت، بەڵام هەر کە پیاوی دووەم سەری بەرەو ڕووی دەگێڕێتەوە، دەوستێت.

ڕۆژ کۆتایی دێت. وردە وردە تاریک دەبێت.

پیاوی دووەمیش وەک پیاوی یەکەم دەفتەر و قەڵەمێک لە گیرفانی یەکپۆشیەکەی دەردەهێنێت و دەست دەکات بە نووسین.

دوای ماوەیەک بەتانییەکە دەخاتە سەر خۆی و دەخەوێت.

دەنگی مۆسیقاکە کەم دەبێتەوە.

بە تەواوی تاریک دەبێت.

پیاوی دووەم لە خەودا لرخە لرخ  دەکات.

لرخە لرخ کردنی پیاوی دووەم لە هاواری پیاوی یەکەمدا ون دەبێت.

وە شەڕی ئەم دووانە لە تاریکیدا دەست پێدەکاتەوە.

لە هەمان کاتدا کە شەڕی ئەم دووانە چڕتر و ئارامتر دەبێتەوە، دەنگی مۆسیقاکەش زیاد و کەم دەبێتەوە

رۆژی سێیەم

لە کاتی خۆرهەڵاتن:

پیاوی یەکەم و پیاوی دووەم هێشتا شەڕ دەکەن لە کاتێکدا هیچیان تووانایان نەماوە.

لە کۆتاییدا هەردووکیان دەکەونە سەر زەوی.

یەکێکیان بەرەو دەڕوات  و ئەوی دیکەیان بە ئاراستەی پێچەوانە، نزیک ڕادیۆکە دەبێتەوە.

بێدەنگی.

پیاوی یەکەم بە چاوی داخراوەوە سەری دەبەستێتەوە.

پیاوی دووەم سەری  دەکاتە سەر ڕادیۆکە و ڕادیۆکە دەکوژێتەوە.

بێدەنگی.

ئارامش

تیشکی خۆر کەمێک ئازاری چاوی هەردوو  دەدات.

بە هێمنی و تەواو ماندوو و بێدەسەڵات سەیری یەکتر دەکەن و ئاگربەست ڕادەگەیەنن.

لە هەمان کاتدا دەست دەکەن بە بینین و دەست لێدان لە برینەکان.

ئەوان درک بەوە دەکەن کە برین و برینەکان هاوشێوەن.

بێ دڵخۆشی زەردەخەنە دەکەن.

لەناکاو چاویان لە یەکترە. لە چاویاندا هەوڵێک هەیە بۆ ناسینی یەکتر. وەک ئەوە وایە بۆ یەکەمجار یەکتر ببینن.

لە هەمان کاتدا هەر کەسێک بە زمانی دایکی خۆی دەست دەکات بە قسەکردن. کەس تێناگات ئەوی تر چی دەڵێت.

پاشان بێدەنگ دەبن.

هەوڵ دەدەن بە یەکتر بڵێن کێ سەرەتا دەبێت قسە بکات.

لە کۆتاییدا پیاوی دووەم دەست پێدەکات و بۆ ماوەیەکی زۆر بە زمانێکی تێنەگەیشتوو (بۆ نموونە گراملۆتGramelot) قسە دەکات.

پیاوی یەکەم بە تەواوی سەری سوڕدەمێنێت و بە زمانی خۆی وەڵامی دەداتەوە کە بە تەواوی نامۆیە بۆ پیاوی دووەم.

لە بەرامبەردا پیاوی دووەم بە زمانی خۆی قسە دەکات وەک پیاوێکی کێوی .

پیاوی یەکەم: چیت وت؟ من تێنەگەشتم. دووبارەکردنەوە! هان؟

(بۆ خۆی) ئەمە چ زمانێکە؟

من تێناگەم تۆ باسی چی دەکەیت. دووبارەکردنەوە.

(هاوار دەکات.) جارێکی تر بیڵێ!

من تێناگەم!

من تێناگەم!

هیچ تێناگەم!

پیاوی دووەم: (بە تەواوی سەری لێ شێواوە و بە ئاماژەدان بەوە تێدەگات کە لە هیچ تێناگات).

پیاوی یەکەم: چی؟!

پیاوی دووەم:

پیاوی یەکەم: ها؟

پیاوی دووەم:

**هەریەکەیان دەست دەکەن بە لێکدانەوەی دۆخەکە.**

**پیاوی یەکەم: تێناگات. لە هیچ تێناگات. من سەری لێدەرناکەم. لێرە جگە لە من کەسێکی تر هەیە. وە ئەویش لە من تێناگات.**

**بە هیچ شێوەیەک!**

**بە هیچ شێوەیەک!**

**دەمتوانی لە ناوەڕاستی ئەم دەریایەدا هەزاران کەسی تر بناسم.**

**ڕاستە؟**

**بەڵام کەسێکم ناسی کە لە زمانەکەم تێناگات.**

**وە منیش لە زمانی ئەو تێناگەم.**

**تەنها هێرش دەکاتە سەرم!**

**بەڕاستی گاڵتەجاڕییە!**

**ئەم هەموو ئازارە بەس نەبووە؟!**

**پیاوی دووەمیش بە ئاماژە هەمان ڕستەکان بە زمانی خۆی دەڵێت.**

**بێدەنگییەک زاڵ دەبێت.**

**پیاوی دووەم : بۆ ئەوەی بێدەنگییەکە بشکێنێت، بەردەوام دەبێت لە قسەکردن، بە دەربڕینی دەموچاو**

**پیاوی یەکەم: دواجارکە تێدەگات کە پیاوی دووەم دەڵێت ئەمڕۆ ڕۆژێکی جوانە.**

**پیاوی یەکەم: چیت وت؟... ئاە... دەتەوێت بڵێی ئەمڕۆ ڕۆژێکی جوانە؟ (هێواش هێواش تێدەگات پیاوی دووەم مەبەستی چییە).**

**بەڵێ ئەمڕۆ ڕۆژێکی جوانە!ترێس جۆلی! سەمەرەTres Jolie! wunderful!**

**ئەم ڕستەیە بە زمانی جیاواز، ئینگلیزی، فەرەنسی دەڵێت.**

**بەڵێ ڕاستە... بەڵێ ڕاستە...!**

**پیاوی یەکەم:(کاتێک تێدەگات پیاوی دووەم بۆ یەکەم جار مەبەستی چییە. لە خۆشیدا دەقیژێت)**

**بێدەنگی.**

**پیاوی یەکەم: هێی! سەیرکە! لە کوێوە هاتوویت**

**هەوڵ دەدات لێی تێبگات، بە زمانی جیاواز هەوڵ دەدات.**

**پیاوی یەکەم: چۆن هاتیتە ئێرە؟**

**تۆ باسی چی دەکەی؟**

**پیاوی دووەم ڕوونکردنەوەیەکی ورد دەدات بە جووڵەی زیادەڕۆیی، لە شوێنێکی زۆر دوورەوە بە فڕۆکەکەیەوە فڕی، پاشان فڕۆکەکەی خۆی بە دەریادا کێشا و مەلەوانەکانی لێرە وەرگرت. ئەو لەگەڵ جووڵەکانی میماک،**

**دیمەنی هاتنی بۆ سەر سەقف و شەڕ لەگەڵ پیاوی یەکەم. بۆ ئەوەی بە وردی ڕوون بکرێتەوە، پارچە شکاوەکەی ئەنتێنەی تەلەفزیۆن و ...**

**پیاوی یەکەم: (ئەو پێی وایە دەیەوێت جارێکی تر هێرش بکاتە سەری.)**

**پیاوی دووەم : نا، نا دیسانەوە! دەبێت لەسەر جیی خۆت بیت! مەجووڵێ!**

**پیاوی دووەم ئارامی دەکاتەوە.**

**پیاوی یەکەم: تێگەیشتم کە چۆن هاتوویتە ئێرە!**

**پیاوی دووەم: تێگەیشتویت؟!**

**بە پێچەوانە وە تێدەگات و پێی وایە  پیاوی یەکەم داوای کردووە زیاتر ڕوونی بکاتەوە. وە جارێکی تریش بە جۆرە جیاوازەکانەوە، هەموو چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە.**

**پیاوی یەکەم: تێگەیشتم! من درکم پێکرد!**

**بە خودا زۆر زۆرە!**

**یەکەم جار تێگەیشتم.**

**من داماو نیم.**

**پیاوی دووەم:بەجووڵە لە پیاوی یەکەم دەپرسێت کە چۆن هاتۆتە ئێرە.**

**پیاوی یەکەم:( تێدەگات کە مەبەستی چییە.)**

**پیاوی یەکەم: چی؟! چۆن هاتمە ئێرە؟ هەر وەک تۆ. فڕۆکەم هەبوو. ئاگری گرت وە کەوتە خوارەوە و کەوتە ناو ئاوەکەوە. منیش، لە فڕۆکەکەدا بە پەرەشوتێک بازم داناو ئاوەکە . من بە هەموو هێزێکەوە مەلەم کرد بۆ ڕزگارکردنی ژیانم تا ئەم شتانەم بینی. چەناگەم... ئەم حەوزە.**

لەم حەوزدا دانیشتم و دەستم کرد بە دەست وپەل لێدان. دەست وپەلم لێ دا و لێم دا، دەست و پێمم لێدا ... هیوام لەدەستدابوو. لەناکاو بینیم کە کونێکی گەورەی تێ کراوە، کونەکە زۆر گەورە بوو، خەریک بوو نوقم بێت، بۆیە هاتمە ئێرە کە چاکی کەمەوە ؟

پیاوی دووەم: (پێی دەسەلمێنێت کە لە هیچ تێنەگەیشتووە.)

پیاو یەکەم: (دیسانەوە بە پانتۆمایم چیرۆکەکەی دەگێڕێتەوە.) باشە، چاوەڕوان بە ... من فڕۆکەیەکی وەک تۆم هەبوو. تۆ. من، من. تۆ راست دەکەی؟ (هەوڵدەدات بە زمانەکانی تر لێی تێبگات.) ئایا ڕوونە؟ سەیرکە، فڕۆکەیەکم هەبوو. فڕین، فڕین، فڕۆکە،Fly, Fly, Airplane, Avion . نەفرەت لەم شانسە! بە چی زمانێک قسە ئەکەی؟؟ فڕۆکەوانەکە، فڕۆکەکە کەوتە ناو دەریاوە.

پیاوی یەکەم وەک شێتەکان بە تامەزرۆییەوە و هەوڵدەدات دەنگی فڕۆکەکە تەقلید بکات.

پیاوی دووەم تێدەگات.

پیاوی یەکەم: ئەو کەوتە ناو دەریا، منیش بە پەرەشوت کەوتمە خوارەوە...

پیاوی یەکەم فڕینی پەرەشوت دەکات و بە هێما پێی دەڵێت کەسێک پەرەشوتەکەی بڕیوە.

پیاوی یەکەم: پاشان ئەم حەوزەم دۆزیەوە (جارێکی تر هەموو ئەو چیرۆکە دەگێڕێتەوە کە گێڕایەوە)... و باقی چیرۆکەکەش.

پیاوی دووەم: (سەرنجی ڕۆیشتنی حەوزەکە دەدات، وروژاوە، وەک ئەوەی بزانێت کە دەتوانن هەم سواری حەوز بن و هەم خۆیان ڕزگار بکەن.

هەر بۆیە لە کاتی قسەکردندا بە زمانی خۆی، بە ئاماژە حەوزەکە بۆ پشتەوەی سەقفەکە دەبات و فڕێی دەداتە ناو ئاوەکە تا سواری بێت.

پیاوی یەکەم: تۆ شێتی! سەیرە تۆ تێنەگەیت: ئەم حەوزە کونە! ئاو دێتە ناوووە ، بە هیچ شێوەیەک بەرگەی دوو کەس ناگریت! یەکسەر دەچێتە ناو ئاوەکەوە.

پیاوی دووەم چەناگە لە دەستی پیاوی یەکەم دەکێشێت.

لەو ژاوەژاوەی کە دروست دەبێت، دەتوانرێت تێبگەین کە چەناگەکی خەریکە لە قووڵایی دەریادا نوقم دەبێت. هەردووکیان بە هەوڵ و هاوارێکی زۆر خۆیان ڕزگار دەکەن و پەنا بۆ سەربان دەبەن.

پیاوی دووەم جنێو بە پیاوی یەکەم دەدات.

پیاوی یەکەم بە هاوارێک وەڵام دەداتەوە.

پیاوی یەکەم: پێم وتیت حەوزەکە کونە ! ئەگەر سەرنجت بدایە و گوێت لێم بگرتبایە، تێدەگەیت کە بە درێژایی ئەو ماوە دەمویست چیت پێ بڵێم. (هاوار دەکات.) بەو شێوەیە هاوار مەکە! کاتێک قسە دەکەم

هێی، قسەکانم مەبڕە! خوای من! بۆچی دەبێت تووشی کەسێکی وەک توو بم ؟ ئەوە کێیە!

پیاوی دووەم: پیاوی یە کە م تاوانبار دە کات و دە ڵێت کە هیچی لەبارەی کونەکانی حەوزەکەوە پێ نە وتوە و گلە یی لە سە ڕ ئە وە دە کات کە بۆچی تووشی کە سێکی وابووە، دوای ئە وە ی کە مێک ئارام دە بنە وە پیاوی یە کە م: هە وڵی دە دات دۆخەکەئارام کاتەوە.

پیاوی یەکەم: گوێم لێ بگرە و هەوڵبدە لێم تێبگەیت. ئێمە دوو کەس دەبێت بە جۆرێک پێکەوە بین. دەبێت شتێک بکەین بۆ ئەوەی بژین. سەیرکە لێرە هەموو شتێک تێکچووە! بۆ ئەوەی بتوانیت بژیت بەم شێوەیە ئاسان نییە، دەوروبەرمان هەموو ئاوە ، دوو کەس بە تەنیا لە ناوەڕاستی دەریادا، دەتوانی پێم بڵێی لە کوێ خواردن دەست دەکەوێت؟ تێدەگەیت؟ بەڵێ؟ خواردن.

(HAM HAM, FOOD, MANGER, MANGARE)

وشەی خواردن بە زمانی جیاواز دەرئەبڕێت بۆ ئەوەی پیاوی دووەم تێبگات مەبەستی چییە.

لەم نێوەندەدا پیاوی دووەم لەسەر لێواری سەقفەکە دادەنیشێت و بسکیتەکان دەخوات.

پیاوی یەکەم: هێی! بسکیتەکانم بە تەواوی لەبیر کردا! هەندێکم بدەرێ.

پیاوی دووەم: (بە تووڕەییەوە کاردانەوەی دەبێت.)

پیاوی یەکەم: با بیبڕین لە نیوە، پەنجا و پەنجا. fifty-fifty.

پیاوی دووەم دەیەوێت شتێک ڕوون بکاتەوە.

پیاوی یەکەم: تێناگەم.

پیاوی دووەم: (داوا دەکات تا دابنیشێت).

پیاوی یەکەم: باشە مرۆڤ لە کاتی نانخواردندا دابنیشێت، سوپاس.

پیاوی دووەم: (هەوڵ دەدات شتێکی بۆ ڕوون بکاتەوە. بۆ ڕوونکردنەوەی لێشاوەکە، بسکیتێک دەجوێت و بە دەستی نیشانی دەدات کە چۆن بسکیتەکە لە دەمدا دەگۆڕێت بۆ هەویر و دواجار نامێنێت).

پیاوی یەکەم: ئای! تۆ دەخۆیت و منیش سەیری دەکەم، دەتوانم بە چێژەوە سەیری ئەوە بکەم کە چۆن دەیانخۆیت. دەتەوێت ئەمەم پێ بڵێیت؟ بەڵێ؟ ئەی من؟ ئەی من چی؟

پیاوی دووەم: (جارێکی تر بە تووڕەییەوە بە هەمان شێوەی پێشوو ڕوونی دەکاتەوە).

**پیاوی یەکەم: ئای تۆ بەردەوام بە لە خواردن و من هێشتا دەتوانم سەیری تۆ بکەم. تۆ پێت وابوو من گەمژەم؟ نازانم چی لە سەرتدا دەگوزەرێت!**

**پیاوی دووەم: (ئەو بسکیتانەی کە جووی کردووە فڕێی دەداتە ناو ئاوەکەوە).**

**پیاوی یەکەم: هێی ئەوە چی بوو؟ چی دەکەیت؟**

**پیاوی دووەم: (دەیەوێت شتێک لەبارەی ئاوەوە ڕوون بکاتەوە، بە دەستی ماسییەک لە خەیاڵدا دەکات).**

**پیاوی یەکەم: ئای بۆ ماسییەکان! (بە زمانەکانی تر گوزارشت دەکات).**

**?Peri perci, para los pescados, for the fish**

**دەنگی بەرزتر دەبێتەوە.**

**پیاوی دووەم: (دەیەوێت وشەی ماسی بە زمانی خۆی کە czanstzana فێری پیاوی یەکەم بکات.)**

**پیاوی یەکەم: (هاوار دەکات.) بۆ ماسییەکان، بۆ ماسییەکان! بۆ ماسی!**

**پیاوی دووەم: بۆ ماسییەکان!**

**پیاوی یەکەم: (ڕاستکردنەوە.) نەخێر، نەخێر، تەنها ماسی. تەنها: ماسی!**

**پیاوی دووەم: تەنها ماسی!**

**پیاوی یەکەم: نەخێر تەنها ماسی!**

**پیاوی دووەم: نەخێر تەنها ماسی!**

**پیاوی یەکەم واز لە ڕوونکردنەوە دەهێنێت.**

**پیاوی دووەم بەردەوامە لە ماسیگرتن.**

**پیاوی یەکەم: ئایا دەتوانم یارمەتیت بدەم؟ پوەدۆ ایوردارە؟ ئەتوانم یارمەتیت بدەم؟**

**پیاوی یەکەم بە زمانەکانی تر هەوڵ دەدات.**

**پیاوی دووەم: (بە ئاماژەدان و بە زمانی خۆی پێی دەڵێت ئێستا تەنها بێدەنگی پێویستە).**

**پیاوی یەکەم: لە کاتی ماسیگرتندا بێدەنگی پێویستە. باشە من خۆم ئەمە دەزانم. پێویست ناکات فێرم بکەیت. پیی وایە یەکەمجارمە دەچمە ڕاوە ماسی! منیش ڕاوە ماسی زۆر چووم ، ماسیم گرتووە.**

**پیاوی یەکەم:خەریکی ماسی گرتنە.**

پیاوی دووەم سەیری دەکات.

لەناکاو دەنگێک دێتە ئاراوە، وەک ئەوەی کەسێک شتێک بجوێت.

پیاوی دووەم بە خێرایی نیگایەکی سەرزەنشتانە دەداتە پیاوی یەکەم، پێی وایە پیاوی یەکەم دەبێتە هۆی دروستبوونی ئاژاوە.

هاوار دەکات و داوای لێدەکات بێدەنگ بێت.

پیاوی یەکەم: چیم کردووە؟ تاکە کەسێک لێرە قسە دەکەیت تۆیت.

ئەم دیمەنە چەند جارێک دووبارە دەبێتەوە.

پیاوی یەکەم: بێدەنگ ،بەڵێ دەزانم.

پیاوی دووەم: (جارێکی تر داوای لە پیاوی یەکەم دەکات ملْچە ملْچ نەکات.)

پیاوی یەکەم: من ملْچە ملْچم نەکردووە. ئاخە چ شتێکم هەیە ملْچە ملْچی پێ بەکەم؟

پیاوی دووەم جارێکی تر دەچێتەوە ماسیگرتن.

دیسان دەنگی جوین دێتەوە.

پیاوی دووەم بە خێرایی ڕوو لە پیاوی یەکەم دەکات و پەنجەی بۆ ڕادەکێشێت.

پیاوی یەکەم: (هاوار دەکات بەڵام بە نیگایەک ) نەفرەت لە شەیتان! من ملْچ ملْچ ناکەم!

پیاوی یەکەم دەمی بە کراوەیی دەهێڵێتەوە بۆ ئەوەی نیشان بدات کە دەنگەکە لە دەمی نایەت.

پاشان هەردووکیان بە وردی گوێ دەگرن.

دەنگەکە لە ژێر سەقفەوە دێت.

پیاوی یەکەم و پیاوی دووەم ئاماژە بە یەکتر دەکەن کە ئاژەڵێک لە ژێر سەقفەکەدا هەیە.

هەردووکیان بە پارچە ئەنتێنە چەکدار دەبن، فانۆسەکە هەڵدەگرن و دەچنە ناو سەقفەکەوە.

دوای چەند چرکەیەک هاوار و لێدانی جۆراوجۆر دەبیسترێت.

پاشان پیاوی دووەم لە کونەکە دێتە دەرەوە.

پیاوی یەکەم: (لە ناو سەقفەوە) مشکێک! پەلە بکە! ئەوە بگرە! شتێک بکە!

پیاوی دووەم سەتڵەکە هەڵدەگرێت و بەرەو کونەکە دەیگرێت

پیاوی یەکەم مشکەکە دەخاتە ناو سەتڵەکەوە.

پیاوی دووەم درگای سەتڵەکە دەخات.

پیاوی یەکەم: (لە کونەکە دێتە دەرەوە) دواجار شتێکمان دەستکەوت بۆ ئەوەی بیگرین بۆ ئەوەی لە برسێتی نەمرین. مشکێک . من تا سێ ئەژمێرم، تۆ درگای سەتڵەکەدا لابە و من دەیکوژم. یەک، دوو، سێ... د، چی ڕوویدا؟

پیاوی دووەم بێ جووڵە وەستاوە، پاشان هەمان پلان بە وشە و ئاماژە دووبارە دەکاتەوە و تا سێ ئەژمار دەکات. دیسانەوە هیچ شتێک ئەنجام نادرێت، چونکە کاتێک مشکەکە لەناو سەتڵەکەدا دەبینن یەکتر تێکدەدەن.

پیاوی دووەم بە دەربڕینێکی گاڵتەجاڕانە ئاماژە دەکات کە ئەم هەموو جەنجاڵییە بۆ ئاژەڵێکی بچووک زۆرە.

پیاوی یەکەم: (بە هەڵە تێگەیشتن) دەزانم بچووکە. ئەمە خەتای منە! بە من چی، ئایا من پەروەردەم کردووە؟!

پیاوی دووەم درێژە بە گاڵتەجاڕییەکە دەدات: ئاژەڵێکی گەورە و چۆنیەتی ڕاوەدوونانی و ڕاوکردنی ئەم ئاژەڵە لە خەیاڵدایە تا دواجار تێدەگەن کە لە مشکێکی بچووک زیاتر هیچی تر نییە.

پاشان بە نیشانە و ئاماژەدان بە پیاوی یەکەم، تێدەگات کە دەبێ بە هەمان شت ڕازی بێت. دەبێت بیخۆیت.

پیاوی یەکەم: منیش هەمان شت دەڵێم. بەڵێ، پێویستە بەوە ڕازی بیت. ئەگەر خراپیش بێت. باشە با تەواوی بکەین. ئەمجارە تۆ: ئارام بگرە!

پیاوی یەکەم دەیەوێت مشکەکە بکوژێت. بەڵام ئازایەتی و توانای ئەوەی نییە ئەم کارە بکات. دوای ماوەیەک وازی لەم کارە دەهێنێت.

پیاوی یەکەم: نەخێر ناتوانم. من ئامادەم ئەو بسکیتانەی کە ماونەتەوە بخۆم. ئەگەر دەتوانی بیکوژە!

پیاوی دووەمیش پارچە بسکیتێک دەبات.

وە دیسانەوە، گاڵتە بەم ڕاوکردنە زەبەلاحە دەکات.

لە بێدەنگی و بە جووڵەی تەقلیدی، مەزاج و مەزاج و باری دەروونی زیادەڕەوی خۆی نیشان دەدات بۆ ڕاوکردنی ئەم مشکە.

پیاوی یەکەم پارچەیەک لە بسکیتەکەی خۆی فڕێدەداتە ناو سەتڵەکەوە.

پیاوی دووەم تێبینی دەکات و بە دەنگی بەرز نارەزایەتی دەردەبڕێت.

پیاوی یەکەم: لەبەشی خۆمەوە پێم دا! بە بەشی خۆم هەرچیم بوێت دەتوانم بیکەم!

پیاوی دووەم پێی وایە پیاوی یەکەم شێتە چونکە پێی وایە تاکە خواردنی بەردەست دەدات بە مشکەکە. هەر بۆیە پیاوی دووەم بە توورەییەوە سەتڵەکە هەڵدەگرێت و بە زمانی خۆی دەست دەکات بە نارەزایەتی و جنێودان. ئەو کات دەچێتە سەر کونەکە و بە شێوەیەکی گاڵتەجارانە، بۆ ئەوەی پیاوی یەکەم هەستی پێنەکات، بەشێک لە بسکیتەکەی فڕێدەداتە ناو سەتڵەکەوە بۆ مشکەکە. پاشان سەتڵەکە دەگۆڕێت بۆ لای کونەکە و مشکەکە ئازاد دەکات.

شەو دادێت

پیاوی یەکەم: فانۆسەکەت نەبینی؟

پیاوی دووەم؟

پیاوی یەکەم: لێم پرسی فانووسەکەت نەبینی؟ (بە زمانە جیاوازەکان دەڵێت:)

The lamp ... La lumiene ... lamp ... die Lampe فانوس... فانوس...

پیاوی دووەم: (بە توورەیی، دەیەوێت بڵێت:) مانای چییە: فانۆس، فانۆس، فانۆس!

پیاوی یەکەم: فانووس شێوەی بەم شێوەیەیە، بەم شێوەیە... مۆم، چرا، فانۆس...

پیاوی دووەم: (لە کۆتاییدا لە مانای پیاوی یەکەم تێدەگات و فانووسەکە بە زمانی خۆی دەخوێنێتەوە.) Cio- Cin سیۆ-سین؟

پیاوی یەکەم: برافۆ! زۆر ڕاستە! سیۆ-سینCio- Cin

پیاوی دووەم: (بە ئاماژە و ئاماژە:) چۆن بزانم کە مەبەستت چرای سیۆ-سینە؟Cio- Cin

فانۆسی سیۆ فاوس - سین! سیۆ - سینCio- Cin

پیاوی یەکەم: وە من؟ ئەبێ بزانم تۆ پێی دەڵێی فانۆس، Cio- Cin ، سیۆ سین وشەیەک بە سیۆ سین دەڵێت و خۆی ئارام دەکاتەوە.

پیاوی دووەم: پێی دەسەلمێنێت کە فانووسەکە لە ژێر سەقفەکەدا بەجێماوە و لە کونەکەوە باز دەداتە خوارەوە بۆ ئەوەی فانووسەکە بهێنێت.

پیاوی یەکەم: سیۆ-سین باوەڕپێنەکراوە؛ رەنگە چاوەڕێی ئەوە بکات کە بچمە لای و بڵێم... زۆر ببورە، تکایە دەتوانی ئەو سیۆ سینەم پێ بدەیت؟! زۆر سوپاس. بەمێشکیشم دا نایت. بۆچی ئەم کەسە بکەوێتە ناو تۆڕی منەوە؟ لە جیهاندا ملیۆنان کەس هەن...... بەڵام نەخێر... کاک سیۆ-سین بووەتە بەشی من!

(لە ژێر سەقفەوە دەنگێکی گەورە دێت، پیاوی دووەم هاوار دەکات وەک ئەوەی شتێکی نوێی دۆزیبێتەوە.

پیاوی یەکەم: دیسان چی ڕوویدا؟ پێویستت بە یارمەتی هەیە

پیاوی یەکەم دەچێتە سەر کونەکە. لەناکاو فلاش لایتی کامێرایەک دەموچاوی ڕووناک دەکاتەوە.

پیاوی یەکەم: (بە ترسەوە) هێی! نەفرەت لە شەیتان...

پیاوی دووەم ئەو وێنەیەی کە تازە گرتوویەتی دەدات بە پیاوی یەکەم. کامێراکە دەخاتە سەر سەقف.

پاشان زنجیرەیەک شت لە ڕێگەی کونەکەوە فڕێدەداتە سەر سەقفەکە:

سەبەتەیەک و جل و بەرگ و سندوقێک کەرەستەی جوانکاری و ڕۆژنامەی جۆراوجۆر و سندوقێک نینۆک و بوتڵێک کۆنیاک و چەترێک.

پیاوی دووەم بە وروژاندن و دڵخۆشیەوە و بە ئاماژە و ئاماژە قسە دەکات.

پیاوی یەکەم: (ئەویش دڵخۆشە و کەمێک ئارامە) زۆر باشە پیاوی چاک. بەڵام لەبیرت نەچێت کە تۆ بەدوای سیۆ-سیندا Cio- Cinدەگەڕایت

پیاوی دووەم: فەوسە فەنووسە.

پیاوی یەکەم یارمەتی دەدات لە کونەکە دەربچێت.

بە خۆشحاڵیەوە پیرۆزبایی لە یەکتر دەکەن.

پیاوی یەکەم سەیری سەبەتەکە دەکات و تۆپێکی پینگ پۆنگ دەردەهێنێت.

پیاوی یەکەم پێی وایە هێلکەیە و لە لێواری سەقفەکە دەدات بۆ ئەوەی بیشکێنێت.

تۆپەکە لە هەوادا دەسوڕێتەوە، کەمێک سەری لێ شێواوە، بەڵام دوای ماوەیەک دڵخۆش دەبێت کە تۆپەکە دەبینێت دەجووڵێت.

پیاوی یەکەم: بەڕاستی! ئێمە هیچمان نییە بیخۆین، بەڵام تۆپێکمان هەیە یاری پێبکەین. بەم شێوەیە لانیکەم دەتوانین کات بکوژین.

**پیاوی دووەم بە بینینی تۆپی پینگ پۆنگ دڵخۆش دەبێت و بە سەرنجەوە تۆپەکە دەپشکنێت. پاشان هەموو ئەو شتانەی کە پێویستن بۆ دروستکردنی تۆڕەکە و سنووردارکردنی گۆڕەپانی یاریکردن کۆدەکاتەوە. بە پێکەنینەوە مێز و تۆڕەکە چاک دەکات**

**دوو ڕاکێتی پینگ پۆنگ لە گیرفانی دەردەهێنێت.**

**پیاوی یەکەم: بەڕاستی مێشکی بەتاڵە!**

**پیاوی دووەم هەردوو ڕاکێتەکەی لەبەردەمیدا دەگرێت تا یەکێکیان هەڵبژێرێت.**

**پیاوی یەکەم: ئەمە.**

**پیاوی دووەم: ڕاکێتێکی تری پێدەدات.**

**پیاوی یەکەم: تۆ ڕاکێتەکەت هەڵبژارد، من تۆپم هەڵبژارد و تۆپەکە هی منە. من ئەمە دەڵێم!**

**پیاوی دووەم تۆپەکە دەگرێت و ئاماژە بە دەستپێکردنی یارییەکە دەکات.**

**هەریەکەیان بە جوڵەی زیادەڕەوی هەوڵ دەدەن بیسەلمێنن کە لە ئەوی دیکە باشتر یاری دەکەن.**

**پیاوی دووەم تۆپەکە دەخاتە ناو دەریاوە.**

**پیاوی یەکەم بەم سەرکەوتنە دڵخۆشە.**

**پیاوی دووەم نارەزایەتی دەردەبڕێت کە پابەند نەبووە بە یاساکانەوە و بە تووڕەییەوە ڕاکێتەکەی هەڵدەگرێت و دەچێتە پشت سەقفەکەوە.**

**پیاوی یەکەم: بۆ ئێستا نارەحەتیت؟ من چی بکەم؟ تۆ وەک ئەوە مامەڵەت کرد کە پێم وابوو پاڵەوانی جیهانیت... بەڵام چی بکەم دۆڕایت.**

**پیاوی دووەم بە تووڕەییەوە نارەزایەتی دەردەبڕێت.**

**پیاوی یەکەم: (سەری بەرز دەکاتەوە بۆ ئاسمان بۆ ئەوەی کەش و هەوا بزانێت.) لێم گەرێ... کاری گرنگترمان هەیە بیکەین. ڕات چییە ... ئاگر؟ بۆ گەرمکردنەوە خەریکە شەو دەگات.**

**پیاوی دووەم لایتەرەکە دەبات و ڕۆژنامەکان دەخاتە ناو سەبەتەکەوە و ئاگرەکە داگیرسێنێت.**

**پیاوی یەکەم: ( شوشە سپییەکە دەبات) با بیخوێنەوە.**

**ئەوا ئێمە گەرم دەبین و ئێوەش باش دەبن. تۆ هاوڕایت؟ سڵاو!**

**پیاوی یەکەم دەیەوێت بخواتەوە.**

**پیاوی دووەم ناهێڵێت بخواتەوە و پەرداخەکەی لێ وەردەگرێت.**

**بە ئاماژە، هەوڵ دەدات شتێک بۆ پیاوی یەکەم لەسەر شووشە و ڕۆژنامەکە ڕوون بکاتەوە.**

**پاشان وا مامەڵە دەکات وەک ئەوەی بیەوێت شووشەکە فڕێ بداتە ناو ئاوەکەوە.**

**پیاوی یەکەم: (دیوەستێنێ) هێی! چی دەکەیت؟ ئەو ماسییانە شووشە ناخۆن.**

**پیاوی دووەم:؟**

**پیاوی یەکەم: ماسی شووشە ناخوات. ماسی هیچ پەیوەندییەکی بەم شتانەوە نییە!**

**پیاوی یەکەم هەوڵدەدات بە زمانەکانی تر و بە ئاماژە و ئاماژە ئەمە بۆ پیاوی دووەم ڕوون بکاتەوە.**

**پیاوی دووەم پێی دەڵێت کە دەیەوێت لە ڕێگەی شووشەکەوە پەیامێک بنێرێت.**

**پیاوی یەکەم: ئای! دەتەوێت نامە بنێریت. باشە. بەڵام ئەم شووشەیە پڕە!**

**پیاوی دووەم:؟**

**پیاوی یەکەم: شووشە..**

**شلەی ناو شووشەکە نیشان دەدات.**

**پیاوی دووەم: (ئیشارەت) تۆ. من... من تۆ...**

**پیاوی دووەم: پێی دەڵێت ئێمە خاڵی دەکەینەوە.**

**پیاوی یەکەم: باشە سڵاو!**

**پیاوی دووەم: campai, campai!**

**پیاوی یەکەم: کامپاری**

**پیاوی دووەم: campai! کامپای**

**دەخواتەوە و بە دەستی گەدەی دەدات.**

**پیاوی یەکەم: ئاه، تۆ دەڵێی: کامپیcampi ، ڕازیم، کامپی کامپی، campi campi ئێمە دەڵێین: سڵاو.سین-سینcin-cin**

**پیاوی دووەم: (سەرلێشێواو، ) cio cin؟ Cin cin fause... فانۆس؟**

**پیاوی یەکەم: (بە پێکەنینەوە) کامپای!! Campai**

**پیاوەکە سەرەتا قووتێک دەدات، پاشان لەناکاو هەموو جەستەی دەلەرزێت. بە پژمین و ئاماژەدان، دەیەوێت بۆ پیاوی دووەم ڕوون بکاتەوە وەک ئەوەی بتەقێتەوە، پێی دەڵێت کە ناوەڕۆکی شووشەکە دەتوانێت ئاگر هەڵبگرێت.**

**پیاوی دووەم ئاماژەی بۆ دەکات و دەڵێت کارەکانی زیادەڕەوی تێدا کراوە.**

**پەرداخەکە دەبات و ئەویش قووتێک دەخواتەوە. وەک ئەوەی ئاوی خواردبێت. بێ جووڵە و سەربەرز سەیری پیاوی یەکەم دەکات.**

**پاشان لە پڕێکدا هەرچی خواردبووی وەک کانیاوێک فڕێی دەداتە دەرەوە.**

**پیاوی یەکەم: !کامپی!، کامپیCampai**

**پیاوی یەکەم دیسان دەخواتەوە.پێ لە زەوی دەدات.**

**پیاوی دووەم: فاوس فاوس.**

**پیاوی دووەم دەخواتەوە و ئاماژە بەوە دەکات کە وەک بەنزین وایە و تراکتۆرەکە دەست بە جوڵە دەکات.**

**پیاوی یەکەم: (بە دەنگێکی زەق) دەمەوێت پەیامەکە بنووسم... واتە...**

**پیاوی دووەم بە زمانی خۆی پەیامەکە دەڵێت و پیاوی یەکەم دەنووسێت.**

**پیاوی یەکەم: (بە پێکەنینەوە) هاوڕێیانی ئازیز، کۆما..**

**پیاوی دووەم سەیری نووسینەکە دەکات و بە ڕازییەوە دەردەکەوێت و بەردەوام دەبێت.**

**پیاوی یەکەم: هەموومان تەنیاین، لە ناوەڕاستی دەریادا، لەسەربانی ماڵێک گیربووین، کۆما.**

**پیاوی دووەم بە ناڕازییەوە سەیری نووسینەکە دەکات.**

**پیاوی یەکەم: ئاه... لەبری کۆما... خاڵێک.**

**پیاوی دووەم ئێستا ڕازی دەردەکەوێت.**

**پیاوی یەکەم: تکایە بە زووترین کات بە هانایمانەوە بێنە، ئەگینا لە برسێتیدا دەمرین.**

**(هەردووکیان پێدەکەنن.)**

**پیاوی یەکەم: !کامپی!، کامپیcampi!, campi!**

**پیاوی دووەم: فانوس فانوسە.**

پیاوی یەکەم: (دەیەوێت ئەوەی تر بنووسێت.) ئەی باقیەکەی؟

پیاوی دووەم بە زمانی خۆی درێژە بە دەقی پەیامەکە دەدات.

پیاوی یەکەم: تکایە لەبیرتان نەچێت سڵاوەکانمان بۆ هاوڕێکانمان بنێرن.

پیاوی دووەم ئاماژە بە گۆڕەویکەی دەکات و شتێک دەڵێت.

پیاوی یەکەم: وە تکایە بە زووترین کات جووتێک گۆرەوی بۆ بنێرە. (پێدەکەنێت) ئێمە لێرە ئەوەندە نەهامەتیمان هەیە... پاشان بیر لە گۆرەوی دەکەیتەوە... دەبێت پاتیل پاتیلی بێت، با بزانم سەرخۆشیت؟ شێواو؟ تۆ

پیاوی یەکەم دیسان زمانی جیاواز بەکاردەهێنێت.

پیاوی یەکەم:Drunk ، سەرخۆشی، بەڕاستی، تۆ هۆشیاریت؟ من (ئاماژە بە خۆی دەکات) هاوڕێیەکم هەبوو کە هەمیشە پاتیل بوو. شێواو دەیگوت ئەگەر دەتەوێت بزانیت کەسێک تازەیە یان نا، داوای لێبکە سێ جار لەسەریەک بڵێت:

شیر شەمسەدین لەسەر سێ ڕای شەمساباد، ٦٠٠ و شیش پەرداخی بەشیر و سرکە شۆرد .

بە هیچ شێوەیەک سادە نییە.

جارێکیان کە سەری گەرم بوو، وتی: کاکە سەمشودین دەڕوات.

پیاوی دووەم هەوڵ دەدات ئەم ڕستەیە بڵێت.

پیاوی یەکەم: بەم شێوەیە: شیر شەمسەدین لەسەر سێ ڕای شەمساباد، ٦٠٠ و شیش پەرداخی بەشیر و سرکە شۆرد .

پیاوی دووەم هەڵەکە دووبارە دەکاتەوە.

پیاوی یەکەم خۆی لە ڕستەکەدا هەڵە دەکات. هەر جارێک پیاوی دووەم هەڵەیەک دەکات، پیاوی یەکەم بە گاڵتەجاڕی و بە توندی لە شانی پیاوی دووەم دەدات، بە جۆرێک پیاوی دووەم لە کۆتاییدا هاوار دەکات و دەڵێت "شیر شەمسەدین"فڕێ دەدرێتە ناو کونەکەوە.

پیاوی یەکەم: لە کوێی؟

پیاوی دووەم: (لە ژێر سەقفیشدا قسە دەکات) شێخ شەمس الدین شار تە ڕەحی ٦٣.

هەردووکیان کەمێک شێواو بوون.

پیاوی یەکەم پیاوی دووەم لە کونەکە دەکێشێتە دەرەوە، هەردووکیان دەکەونە سەربان.

پیاوی دووەم خۆی لە ڕادیۆکە دەدات و دادەگیرسێت.

مووزیک.

لە یەکتر نزیک دەبنەوە و سەیری ئاسمان دەکەن و هەوڵی گرتنی نەیزەکی(شهاب) ئاسمانی دەدەن.

ڕاکێتی تێنس هەڵدەگرن و لەگەڵ نەیزەکی ئاسمانی یاری پینگ پۆنگ دەکەن.

لە کۆتاییدا بەهۆی ماندوێتیەوە دەچنە ژێر تاکە بەتانی بەردەست و خەویان لێدەکەوێت.

شەو .

مۆسیقاکە هێواش هێواش دەکوژێتەوە.

رۆژهەڵات

پیاوی یەکەم کە پشتی بە بە دووکەڵ کێشەکەوە بەستووە و شووشەکە هێشتا لە دەستیدایە، بە زەحمەتییەکی زۆرەوە هەڵدەستێت. وا دیارە باش نییە.

بەدڵەڕاوکێ بەدوای پیاوی دووەم تردا دەگەڕێت. بێ ئارامە.

لەناکاو پیاوی دووەم کە تەنها بیجامە و کراسێکی ژێرەوەی لەبەردایە، لە پشتی سەقفەکەوە باز دەداتە خۆارەوە.

زۆر دڵخۆشە و بە زمانی خۆی گۆرانی دەڵێت.

پیاوی یەکەم بە تووڕەییەوە جنێوی پێدەدات.

پیاوی یەکەم: (بە گلەیی) چەتە ؟ سەرەتا پێم وابوو تۆ نەماوەی... ئارام بە... بە نەرمی گۆرانی بڵێ... سەرئێشەیەکی ترسناکم هەیە. هی ئەو ژەهرەمارەی دوێنێ شەوە.

پیاوی دووەم سەرێکی پەتەکە بە دووکەڵ کێشەکەوە و سەرەکەی تری بە ئەنتێنەکەوە دەبەستێتەوە. دەچێتەوە سەربان بۆ ئەوەی باقی جلەکانی بشوات.

پیاوی یەکەم: خۆشبەختانە ئەمڕۆ کەش و هەوا زۆر باشە. مرۆڤ پێویستە دۆخەکە بەکاربهێنێت و تەشتەکە چاک بکاینەوە و هەروەها بەلەمێکی دار دروست بکین.

یەکپۆشییەکەی دادەکەنێت.

پیاوی یەکەم: ئەمڕۆ چەند گەرمە. با بزانم ئەم ژەهرە تۆی نەکوشتووە؟ سەرت نایێشێت؟

پیاوی دووەم ئاماژەی پێدەکات کە سەری لێ شێواوە.

پیاوی یەکەم: بۆ دروستکردنی بەلەم پێویستمان بە دارێکی زیاترە. بەم بزمارە دەتوانیت بەیەکەوە بیانچەسپێنیت. پاشان بە دارێک دەکەوینە سەرتشتەکە و چاکی دەکەینەوە.

پیاوی دووەم کراسەکەی دەشوات و بە توندی کراسەکەی بە دیواری سەقفەوە دەدات بە ڕیتمی ئەو گۆرانییەی کە دەیلێتەوە.

پیاوی یەکەم: (بێدەسەڵات سەری دەهەژێنێت.) چی دەکەیت؟ جل و بەرگ دەشۆیت؟ بەڕاستی ئێستا کاتی ئەوەیە؟ئەم هەموو بەدبەختییەمان هەیە و کابرا جلەکانی دەشوات! تێدەگەیت؟ نەخێر تۆ تێناگەیت.

بۆنی کراسەکەی دەکات.

پیاوی یەکەم: بەڵام ڕەنگە خراپ نەبێت جلەکانم بشۆم.

هەروەها پیاوی یەکەم کراسەکەی لە ئاودا نوقم دەکات و دەست دەکات بە شۆردنی، لە هەمان کاتدا هەوڵدەدات لەگەڵ پیاوی دووەم گۆرانی بڵێت.

دوای ماوەیەک پیاوی دووەم بێدەنگ دەبێت و گوێ لە گۆرانی پیاوی یەکەم دەگرێت.

پیاوی یەکەمیش بێدەنگە.

پیاوی دووەم داوای لێدەکات بەردەوام بێت لە گۆرانی وتن و هەوڵدەدات ڕیتم و تێکستی ئەو گۆرانییەی کە دەیلێتەوە فێری بکات بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو.

لە کۆتاییدا پیاوی دووەم واز لە وانەوتنەوە دەهێنێت و پێی دەڵێت بە هەر شێوەیەک حەزی لێیە گۆرانی بڵێ.

هەردووکیان کراسێکی قۆڵ درێژ و بیجامەیان لەبەردایە.

ئەو جلوبەرگانەی کە شۆردوویانە لەسەر خەتی جلوبەرگەکە بڵاودەکەنەوە، ئەو جلانەی کە لە ناو سەقفەوە دا دۆزیویانەتەوە لە بەر دەکن.

پیاوی یەکەم: تا وشک دەبنەوە، بزانم شتێک دەدۆزینەوە .

پانتۆڵێک دەدۆزێتەوە و لەبەری دەکات.

پیاوی یەکەم: چەندە گەورەیە! لەگەڵ مندا دەگونجێت؟

پیاوی دووەم: (کراواتێکی پێدەدات و ئاماژەی بۆ دەکات و پێی دەڵێت ت چاوەکار دەکات مرۆڤ لە دەوروبەریان دانییە، بەڵام ڕەنگە تۆ گرنگی بەم شتانە بدەیت).

هەروەها پیاوی دووەم پانتۆڵێک و کراسێک دەدۆزێتەوە و لەبەری دەکات کە بە باشی لەگەڵیدا دەگونجێت. پاشان بە ئارامییەوە سەیری یەکتر دەکەن.

پیاوی دووەم ڕادیۆکە دادەگیرسێنێت و ڕیشتاشی و فڵچە و سابونێک لە سندوقی ماکیاژەکە دەردەهێنێت و ڕیشی دەتاشێت. زۆر خۆشحاڵە

پیاوی یەکەم یارییەک دەدۆزێتەوە. یارییەکە دەست دەکات بە جوڵە. زۆر خۆشحاڵە.

پیاوی دووەم زۆر کاریگەرە بەم دیمەنە.

پاشان بە خێرایی ڕادیۆکە دەکوژێنێتەوە و دەست دەکات بە چاککردنەوەی بەلەمەکەی.

پیاوی یەکەم: ڕاست دەکەیت. بەلەمەکەت چاک بکە، دەبێت بگەمە تشتەکەم... دەبێت دەست بە کار بکەین... کەس نازانێت چی ڕوودەدات.

کارەکان بە باشی بەڕێوەدەچن. دەنگە دەنگەکان کە بەهۆی کارەوە دروست دەبن، وەک چەکوش لێدان و هتد، دەبیسترێت. پیاوی یەکەم دێتە پێشەوە. وەک ئەوەی چەقۆیەک زۆر بە توندی لە پەنجەی بدات، نالە دەکات.

پیاوی دووەم بە گاڵتەجاڕیەوە پێی دەڵێت کە چەکوش بۆ چەقاندنی بزمارە نەک پەنجە.

پیاوی دووەم بەردەوام دەبێت لە کارەکەی تا ئەویش بە کوتەک لە دەستەکەی دەدرێت. دەست دەکات بە جنێودان بە کوتەککە.

پیاوی یەکەم: دڵتەنگ مەبە، تۆ تاوانبار نیت، نە خەتای تۆیە و نە خەتای من. ئەم بەلەمە نەفرەتییە و تشتەو ئەم سەقفەتاوانبارن، ... ئێمەش برسیین. بیهێنە بەرچاوت، ئێمە لە شوێنێکدا بووین کە هەرچییەکمان بویت، دەمانتوانی هەمان شتمان هەبێت

بوو. بیهێنە بەرچاوت کە ئێمە لە دوورگەیەکدا بووین، دوورگەیەکی ڕاستەقینە... وەک دەریای شین... خۆڵە سپییەکە... دارخورما و گوێزی هیندی کە لەسەر کەنار دەریاکە کەوتوون.

هەوڵ دەدات ئەم فەزایە بە ئاماژە و دەنگی جۆراوجۆر دروست بکات.

پیاوی یەکەم: وە من و تۆ... لە کەنار دەریاکەدا پاڵکەوتبووین... لەبەر خۆردا.

وەک ئەوەی لە لای کەنار دەریاکە پاڵ دەکەوێت.

پیاوی دووەم کە زۆر خەریکی چاککردنەوەی بەلەمەکەیە، لەناکاو کارەکەی ڕادەگرێت و چاودێری پیاوی یەکەم دەکات و بە گاڵتەجاڕیەوە پێی دەڵێت: من وەک سەگ کار دەکەم و تۆش بە سەلامەتی لەبەر خۆردا پاڵکەوتووی. بڕۆ...بڕۆ پێشەوە و بەردەوام بە.

پیاوی یەکەم: وتم کە زۆر باش دەبێت ئەگەر من و تو لە دوورگەیەکی ڕاستەقینەدا بین... تۆ...- من، من - تۆ، من تۆ، ...مۆی-تۆی... تۆ - من.. .یۆ-یو yo- yu ...you - me... moi-toi...

پیاوی دووەم: (بە زمانی خۆی) من و تۆ

پیاوی یەکەم: بەڵێ من. تۆ...

پیاوی یەکەم بە زمانەکان قسە دەکات.

پیاوی یەکەم: با لە دوورگەیەکی پڕ لە دارخورما و گوێزی هیندی بین کە لە کەنارەوە دەکەوێتە خوارەوە.

بە نیشانە و ئاماژە.

پیاوی یەکەم: وە تۆ. من..

بە زمانەکانی تر قسە دەکات

پیاوی یەکەم: ئێمە لە بەر خۆردا ڕادەکشێن وپاڵکەوتووین...

پیاوی دووەم: (پێی دەڵێت تۆ لێم تێدەگەیت، بەڵام لە ئاماژەکانی گوێزی هیندی کە لە کەنار دەریادا کەوتوون تێناگات).

پیاوی یەکەم: سەیرکە دورگە بە زمانی خۆت چییە ... دوورگەکە... ... یلە ... یسلس ... یسلە ئەو دوورگەیەی لە ناوەڕاستی دەریای شیندایە بە کەنار دەریایەکی خۆڵ و دارخورما و گۆرانیبێژان کە... گۆرانی.

پیاوی یەکەم بە زمانێکی نامۆ دەست دەکات بە گۆرانی وتن.

بۆ ئەوەی ماناکەی ڕوونتر بێتەوە، بەتانییەک بە کەمەرەوە دەبەستێتەوە و وەک وتاردەرێک دارێک دەگرێت و گۆرانی دەڵێت.

پیاوی دووەم تێدەگات پیاوی یەکەم مەبەستی چییە و یەکسەر ئەویش دەچێتە ناو ئەم یارییەوە.

هەندێک گەڵا لە دارەکە هەڵدەگرێت و دەیخاتە سەر سەری.

پیاوی یەکەم پاڵ دەکەوێت. بوتڵێکی بەتاڵ هەڵدەگرێت و لقێکی درەختی تێدەکات و وا خۆی نیشان دەدات کە بە پەڕۆیەک دەخواتەوە.

پیاوی دووەمیش گۆرانی دەڵێت و ئەم دوورگە خەوناوییە بە چەترێک تەواو دەکات: چەترێک کە لەسەر کەنار دەریا دادەنرێت بۆ خۆپاراستن لە خۆری بەهێز. بە ڕاکێتی پینگ پۆنگ خۆی هەڵدەئاوسێنێت و ڕادیۆکە دەکاتەوە.

دەنگی بێژەر دەبیسترێت وەک ئەوەی لە کۆنسێرتێکدا گۆرانی داهاتوو ڕابگەیەنێت.

چەماوەرەکە هاوار دەکات، گۆرانییەکە دەست پێدەکات.

مۆسیقا وا دەکات هەردووکیان وخۆکەون.

ئەوان وەک گیتارێک ڕاکێتی پینگ پۆنگ دەگرن و دەست دەکەن بە ژەنینی گیتار و دواتر وەک هەوادارانی گۆرانیبێژەکان باز دەدەنە سەرەوە و خوارەوە و...

پیاوی یەکەم بە دار دەژەنێت وەک ئەوەی پیانۆ بژەنێت.

پێدەچێت پیاوی دووەم  جاز لێدەات.

پیاوی یەکەم حەزی لە دارەکە نییە، دەیخاتە لایەک. ئەمجارە پاڵتۆکەی بە دەستەوە دەگرێت و لەگەڵ پاڵتۆکەدا بە ڕیتمی مۆسیقاکە دەجوڵێت.

پیاوی دووەم سەیری دەکات. پاشان دەستەکانی پێکەوە لێدەدات. پیاوی یەکەم سەرەتا کەمێک دوودڵ دەبێت، دواتر پاڵتۆکە دەدات بە پیاوی دووەم.

پیاوی دووەم بە پاڵتۆوە جوڵەی ڕیتمیک ئەنجام دەدات.

دیسان پیاوی یەکەم پاڵتۆکە دەبات.

وێنەی یەکتر دەگرن.

دوای ماوەیەک پیاوی دووەم لە حاڵەتێکی سەرلێشێواو و خۆهەڵمژراودا دادەنیشێت.

جانتایەک لە گیرفانی دەردەهێنێت و چاوی لە وێنەکانە.

یەکێک لەو وێنانەی کە پیاوی دووەم لێی گرتووە لەگەڵ وێنە کۆنەکەی بەراورد دەکات.

پیاوی یەکەم دوور لە پیاوی دووەم دادەنیشێت و جانتای گیرفانی دەردەهێنێت.

یادەوەرییەکانی ڕابردوو هەردوو پیاوەکە دەاژێنێت.

مۆسیقاکە دەنگی بەرزە.

هەریەکەیان هەوڵ دەدەن لە دوورەوە وێنەی ئەویتر ببینن.

لە کۆتاییدا بە دانیشتن لە یەکتر نزیک دەبنەوە.

ئەوان دەیانەوێت قسە لەگەڵ یەکتر بکەن، بەڵام مۆسیقای بەرز کۆسپە.

پیاوی یەکەم ڕادیۆکە دەکوژێنێتەوە.

پیاوی دووەم بە دەربڕینێکی پرسیارەوە ئاماژە بە وێنەی پیاوی یەکەم دەکات.

پیاوی یەکەم: بەڵێ ئەمە منم، بێ ڕیش. ئەم بچووکە کوڕی منە، وە ئەمە ژنەکەمە... پێت چۆنە؟

پیاوی دووەم ئاماژە بە وێنەی خۆی دەکات (ووە تێدەگەیێنێت) لێی دەپرسێت ئەمە ژنەکەمە... چۆنە؟ (هەردووکیان سەیر دەکەن.)

پیاوی یەکەم: جوانە!

بە زمانەکانی تر هەوڵ دەدات.

جوان... ترێس جۆلی... موی بۆنیتۆ Beautiful...tres jolie... muy bonito.

پیاوی دووەم زۆر توڕە دەبێت چونکە تێدەگات پیاوی یەکەم بە هەڵە ئەوی بە ژنەکەی زانیوە.

پیاوی یەکەم: چی ئەوە تۆ یت؟ ببورە... قژی درێژ.

ئاه... ئەمە ژنەکەتە...

پیاوی دووەم وێنەی ماڵەکەی پیشانی دەدات و بە زمانی خۆی قسە دەکات.

پیاوی یەکەم: ئەمە ماڵی تۆیە. (بە زمانەکانی تر:)

... Maison, house, casa

پیاوی دووەم: (بە وروژاندن و جۆش و خرۆشەوە قسەکانی دووبارە دەکاتەوە.) ماڵ

پیاوی یەکەم: ڕاستە.

پیاوی دووەم: ؟خانوو

پیاوی یەکەم: بەڵێ ئەمە ماڵی منە.

پیاوی دووەم: ماڵ (وشەی ماڵ بە زمانی خۆی دەڵێت.)

پیاوی یەکەم وشەی ماڵ بە زمانی پیاوی دووەم دەڵێت.

کاتێکی زۆر بە بێدەنگی تێدەپەڕێت.

پاشان لەناکاو وەک ئەوەی بەروارێکیان هەبێت، هەڵدەستن و بەرەو پشتەوەی سەقفەکە بەرەو بەلەمی نیوە دروستکراوەکە دەڕۆن.

پیاوی یەکەم دەگەڕێتەوە. ڕادیۆکە دەکاتەوە. لە ناو کونەکەوە باز دەداتە خوارەوە و هەندێک تەختە دەهێنێت.

پیاوی دووەم لە پشتەوە خەریکە کوتک لێدەدات.

کارەکە هەموو شەو دەخایەنێت.

لە ڕوناکی مانگدا بەلەمەکە دروست دەکەن و دەیخەنە ناو ئاوەکە و شتە پێویستەکان دەخەنە ناویەوە. پاشان دەست دەکەن بە چاککردنەوەی تشتەکە.

پیاوی یەکەم و پیاوی دووەم لە خەواڵووی بەیانیدا لەسەریان دانیشتوون.

ڕادیۆکە و جلە کۆنەکانیان لەسەر سەقفەکە دەبینرێت.

دەچنە سەر بەلەمەکە، تاقی دەکەنەوە و بە دڵخۆشیەوە باوەش بە یەکتر دەکەن چونکە بەلەمەکە بەهێزە و دەتوانرێت سواری ببن.

پاشان دەیانەوێت جلوبەرگی سەربازی خۆیان لەبەر بکەن، بەڵام بیرۆکەکەیان دەگۆڕن و بە جلی تایبەتەوە دەمێننەوە.

کاتی ماڵئاوایی نزیکە.

ئەو ئاراستەیەی کە نیشانی دەدەن بۆ ڕۆیشتن تەواو پێچەوانەی یەکترە.

بە ترس و جۆش و خرۆشەوە هەوڵ دەدەن یەکتر ڕازی بکەن کە پێکەوە و بە هەمان ئاراستەدا بڕۆن.

دوای ماوەیەک تێدەگەن کە بە هیچ شێوەیەک توانای ئەوەیان نییە کارێکی لەو شێوەیە بکەن.

بێدەسەڵاتانە و دڵتەنگانە سەیری یەکتر دەکەن.

پاشان پیاوی دووەم تشتەکە نیشان دەدات و بە پیاوی یەکەم دەڵێت کە بە بەلەمە دەگەڕێتەوە ماڵەوە.

پیاوی یەکەم بە پێکەنینەوە ڕازی دەبێت.

پیاوی یەکەم بە سۆزێکی زۆرەوە ڕادیۆکە کە بەردەوام داگیرساوە دەبات بۆ پیاوی دووەم.

پیاوی دووەم لە سەرەتادا نایەوێت ڕادیۆکە لە پیاوی یەکەم وەربگرێت وەک دیاری.

بەڵام بەهۆی پێداگری پیاوی دووەم ئەم دیارییە قبوڵ دەکات.

پیاوی دووەم ڕاکێتەکانی پینگ پۆنگ دەداتە پیاوی یەکەم و ڕاکێتێک بۆ تۆ و یەکێکیش بۆ کوڕەکەت پێی دەسلمێنێت.

بە هەست و سۆزەوە، دیاریەکان دەخەنە ناو بەلەمەکانیانەوە.

پاشان دێنەوە و بۆ ماوەیەکی زۆر باوەش بە یەکتر دەکەن.

پیاوی دووەم سواری تەشتەکە دەبێت.

**پیاوی یەکەم سواری بەلەمە دارەکەی دەبێت.**

**بۆ  ماڵئاوایی لە یەکتر دەست بادەدن.**

**کاتێک کە پاڵەوەرەکان بۆ یەکەمجار لە  ئاوەکە دەدەن، مۆسیقاکە بێدەنگ دەکرێت و گڵۆپەکان بۆ لێدانێک دەبڕدرێن.**

**تەنیا دەنگی دەریا دەبیسترێت.**

**دوای چەند چرکەیەک ڕووناکییەکی نەرم سەقفی بەتاڵ ڕووناک دەکاتەوە.**

**تاریکی.**

**کۆتایی.**